سەماحەتی حەکیم سەردانی کاراگەکانی پەستە وپیشەسازی چنین دەکات و داوا دەکات پلانێکی باش بۆ بەبازاڕ کردن دابنرێت

بەبۆنەی ڕۆژی کرێکارانی جیهانی بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕووتی حیکمەی نیشتمانی لە بەرواری 30-4-2023 سەردانی کارگەکانی کەمپانیای گشتی پەستە و پیشەسازی چنین لە بەغدا کرد، سەرتا بەڕێزیان پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانی کرێکارانی لە کرێکارە ئامادەبووەکان کرد، ڕوونیشی کردەوە کە عێراق پێویستی بەوەیە کەرتی پیشەسازی ئەکتیف بکاتزیاتر بەرەو پێشەوەی ببات، تا بتوانێت کەمەك هاوکاری بودجەی عێراق بکات و داهات زیاتر بکات، ئاماژەشی کرد کە عێراق لە بواری پیشەسازی ئەزموونێکی باشی هەیە.

سەماحەتی داوای کرد کە لەگەڵ بەرزکردنەوەی ڕۆژی بەرهەم هێنان پێویستە لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە کار لەسەر بۆ بازاڕکردنی بەرووبوومەکان بکرێت، دووپاتیشی کردەوە کە پێویستە متمانە بە بەرهەمی عێراقی بە بەکارهێنەران بگەڕێنرێتەوە ، هەروەها داوای کرد کە بەرووبەوومی هەندەك وەزارەتی وەك بەرگری و ناوخۆ بکەدرێتەوە، سەماحەتی گوتیشی بەرهەمەکانی کارگەی جلوودی عێراقی زۆر نایابن و کوالیتیان باشە پێویستە دام و دەزگاکانی دەوڵەت حکومەت سوودی لێوەربگرن.

سەماحەتی دووپاتیشی کردەوە کە ئاستی کەمی مووچەکان بەبەرزکردنەوەی بەرهەم و زیادکردنی داوا لەسەر کەینی کاڵاکان باش دەکرێت، لەڕێش بەرپرسیارێتی خستە ئەستۆی هەمووان سەبارەت بە ناساندنی ئەو بەرهەمەی بەرهەم دەهێنرێت، لەسەرووی هەمووان بەرپرسانی ئەو کارگانە کە پێوستە هەموو تواناکان لە تەڕێ کەمەایەتییەکان بخەنە گەڕ بە ئەوەی کاڵاکانیان نمایش بکەن و کوالیتی بەرزیان بە خەڵك ڕابگەیەنن.